له ئێمە نییە ئەو کەسەی قورئان بە دەنگێکی ئاواز وخۆشەوە نەخوێنێت

لە ئەبی لوبابە بەشیر کوڕی عبد المنذرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە ئێمە نییە ئەو کەسەی قورئان بە دەنگێکی ئاواز وخۆشەوە نەخوێنێت».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا ئامۆژگاری کردووە بە خوێندنی قورئان بە دەنگ وئاوازێکی خۆش، وئەم وشانە دوو واتایان هەیە: 1/ ئەوەی بە ئاوازەوە نەیخوێنێت، واتا: بە دەنگێکی خۆشەوە قورئان نەخوێنێت، 2/ هەرکەسێک قورئان بەس نەبێت بۆی وداوای هیدایەت لە شوێنێکی تردەوە بکات؛ ئەوا ئەم کەسە لە ئێمە نییە، وئەمەش هەڕەشەیەکی تونده کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمە لە تاوانە گەورەکانە، وبێگومان ئەوەی داوای هیدایەت بکات لە شوێنێکی تردەوە جگە لە قورئان (پەیامی ئیسلام) ئەوا ئەو کەسە گومڕایە پەنا بە خودا، بۆیە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ پێویستە لە کاتی خوێندنی قورئان هەوڵبدات دەنگی خۆش بکات، وقورئان بەس بێت بۆی وهەوڵنەدات شوێنی ئاینە پوچ وبەتاڵەکان بکەوێت وخۆشی دەنگی بەکاربهێنێت بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانیان، یان خۆشی دەنگی بەکاربهێنێت بۆ وتنەی گۆرانی و ڕستەی دوور لە ڕەوشت وئاکاری بەرز.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6276